# نەزرکردن حوکمەکانی وجۆرەکانی

[ کردي – کوردی – kurdish ]

سومەیە عبد الله

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ النذر أحكامه وأنواعه ﴾

« باللغة الكردية »

سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# نەزركردن حوكمەكانی وجۆرەكانی

خۆشەویستان بابەت و ناونیشانی نەزركردن لە فیقهی ئیسلامیدا بۆ خۆی گرنگیەكی تایبەتی هەیە بۆیە پێم خۆش بوو ئەم بابەتەتان پێشكەش بكەم:

**پێناسەكەی:**

لەزمانی عەرەبیدا (نذور) كۆی (نذر)ە واتە كارێكی لەسەرخۆی پێویست كرد كە لەسەری پێویست نەبوو.

لە شەرعدا : واجبكردنی خواپەرستییەكە لەسەر خۆی، كە واجب نەبووبێ لەسەری بەرەهایی، یان پەیوەست كرابێ بە شتێكەوە.

**بەڵگەی رەوابوونی نەزر كردن:**

أ ـ خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێ : ( والّذينَ يُوفُونَ النَّذْرَ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُ مُسْتَطِيرًا ) {الإنسان: ٧} واتە: (باوەرداران) نەزرەكانیان دەبەنە سەرو بەجێی دێنن، وە ئەترسن لە رۆژێ كە خراپە و زیانی هەموو لایەك دەگرێتەوە وە دەفەرموێ : ( وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ ) {الحج: ٢٩} واتە: دەبا نەزرەكانیان ببەنە سەر.

ب ـ لە سوننەتدا: (عَنْ عَائِشَةَ رضى الله عنها عَنِ النَّبِىِّ ( صلى الله عليه وسلم ) قَالَ «مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَهُ فَلاَ يَعْصِهِ») { رواه البخاري (٦٦٩٦)} واتە: عائیشە (رەزای خوای لێبێ) لە پێغەمبەرەوە ( صلى الله عليه وسلم ) دەگێرێتەوە كە فەرموی: هەر كەس نەزری كرد لەسەر خۆی كە گوێرایەڵی و پەرستشی خوا بكات با گوێرایەڵی یەكەی بكات بەڵام هەر كەس نەزری كرد لەسەر خۆی سەرپێچی خوا بكات ئەوە با سەرپێچی نەكات.

**حوكمی نەزر كردن:**

نەزركردن دروستە و جۆرێكە لە پەرستن و نزیك بوونەوە لە خوا، بۆیە شەرعزانان ووتوویانە دروست نیە كافر نەزر بكات، چونكە پەستنی دروست نیە.

چاکتر وایە موسڵمان ئەو پەرستشانە بکات بەبێ لەسەرخۆ نەزرکردن، ماڵ بەخشینێك موسڵمان وەك سونەتێك بیکات چاکتر لەو بەخشینەی وەك نەزر بیکات بەبەڵگەی ئەم فەرموودە:

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ ( صلى الله عليه وسلم ) أَنَّهُ نَهَى عَنِ النَّذْرِ وَقَالَ « إِنَّهُ لاَ يَأْتِى بِخَيْرٍ وَإِنَّمَا يُسْتَخْرَجُ بِهِ مِنَ الْبَخِيلِ»).{ رواه البخاري (٦٦٠٨، ٦٦٩٣،٦٦٩٢) و مسلم (١٦٣٩/٤) } واتە: عەبدوڵڵای کوری عومەر (رەزای خوای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) نەزرکردنی قەدەغەکردو فەرمووی: بێگومان نەزرکردن هیچ خێرو چاکەیەك بەدی ناهێنێ، تەنها ئەوەندەیە ماڵێکی لە رەژدو چرووك پێ دەکرێ بە خێر.

واتە نەزر کردن هیچ قەزاو قەدەری خوا ناگێرێتەوە تەنها لەبەرئەوەیە ئەو کەسە رژدەیە خێرێك بکات و ماڵێك ببەخشێ، چونکە دەزانێ ئەگەر بەو نەزرکردن نەبوایە کە پێویست بووە لەسەری نەیدەتوانی ماڵ ببەخشێت.

## جۆرەکانی نەزرکردن، نەزرکردن سێ جۆرە:

**یەکەم : نەزری تورەیی و رقەکاری:** ئەو نەزرەیە لە کاتی کێشەو تورەبووندا دەکرێت بۆ نموونە لە کاتی دەمەقاڵێ و توورەبووندا بڵێ: ئەگەر لەگەڵ فلان کەسدا قسەم کرد مانگێ رۆژم لەسەر نەزربێ بۆ خوا.

## حوکمی نەزری تورەیی و رقەکاری:

ئەگەر ئەو شتەی نەزرەکەی پێوە بەستراوە هاتەدی پێویستە ئەو کەسەی نەزرەکەی کردووە نەزرەکەی بەجێ بێنێ و بیکات یان کەفارەتی سوێندێك بدات، دەبێ یەکێکیان بکات. یا بەجێ هێنانی نەزرەکە یا کەفارەتی سوێندێك کە پێشتر باسمان کرد بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە: (عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) قَالَ « كَفَّارَةُ النَّذْرِ كَفَّارَةُ الْيَمِينِ»). { رواه مسلم (١٦٤٥)} واتە: عوقبەی کوری عامیر (رەزای خوای لێبێ) دەڵێ: (پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: کەفارەتی نەزر ئەگەر نەزرەکە بەجێ نەهێنا کەفارەتی سوێندە.

**دووەم: نەزری پاداشتی چاکە:** نەزرێکە خواپەرستیەك لەسەر خۆی واجب دەکات ئەگەر چاکەو نیعمەتێکی دەست کەوێ یان زیان و خراپەیەکی لەسەر لاچێ بۆ نموونە دەڵێ: ئەگەر خوا نەخۆشەکەمان شیفا بدات مەرێك دەکەم لەری خودا، یان ئەگەر لە تاقیکردنەوە دەرچووم سێ رۆژ بە رۆژوو دەبم بۆ خوا.

حوكمەكەی: ئەگەر ئەوەی نەزرەكەی پێوە بەستراوە بەدی هات ( خوا شیفای نەخۆشەكەی دا ) ئەوە لەوكاتەدا دەبێ نەزرەكەی بكات ئەوەی لەسەر خۆی پێویست كرد ئەنجامی بدات چونكە خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ ) {النحل: ٩١} واتە: بەڵێنەكانتان بیەنەسەر ئەگەر بەڵێنتان دا بە خوا، ( قال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ): مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ).{ رواه البخاري (٦٦٩٦)} واتە: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی (هەركەس نەزری كرد خواپەرستیەك بكات، دەبێ بیكات و ئەنجامی بدات).

**سێیەم : نەزری رەهاو چاكە:** ئەوەیە نەزری خواپەرستیەك بكات لەسەر خۆی بەبێ بەستنی بە شتێكەوە یا كێشەو تورەبوونەوە بەڵكو تەنها حەزدەكات خواپەرستیەك ئەنجام بدات بە نەزركردنی لەسەر خۆی وەك بڵێ نەزر بێ لەسەرم ئەم پێنجشەممەیە بە رۆژووبم بۆ خوا.

**حوكمەكەی:**

أ ــ پێویستە نەزرەكەی بەجێبێنێ و بیباتەسەر.

ب ـ دەتوانێ جێبەجێكردنەكەی دوا بخات بەمەرجێ نەگاتە كاتێ زۆر تر گومانی وابێ ناتوانێ جێبەجێ بكات.

ج ـ ناتوانێ بیگۆرێ بۆ كەفارەتی سوێندادن چونكە ئەم جۆرە لە نەزر مانای سوێندی تێدا نیە.

**پێویستە نەزركراوەكە كارێك بێت لە خوا نزیكت كاتەوە:**

دروست نیە موسڵمان شتێك نەزر بكات كە خراپە یا هیچ مانایەكی خواپەرستی و نزیك بوونەوە لە خوا تێدا نیە یا كارێكی رەواش بێت سەرنجی ئەم فەرمەدەیە بدە:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ بَيْنَا النَّبِيُّ ( صلى الله عليه وسلم ) يَخْطُبُ إِذَا هُوَ بِرَجُلٍ قَائِمٍ فَسَأَلَ عَنْهُ فَقَالُوا أَبُو إِسْرَائِيلَ نَذَرَ أَنْ يَقُومَ وَلاَ يَقْعُدَ وَلاَ يَسْتَظِلَّ وَلاَ يَتَكَلَّمَ وَيَصُومَ . فَقَالَ النَّبِيُّ ( صلى الله عليه وسلم ) « مُرْهُ فَلْيَتَكَلَّمْ وَلْيَسْتَظِلَّ وَلْيَقْعُدْ وَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ »). { رواه البخاري (٦٧٠٤)} واتە: عەبدوڵڵای كوری عەبباس (رەزای خوایان لێبێ) دەڵێ: لەكاتێكدا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ووتاری دەدا پیاوێكی دی بە پێوە وەستابوو، پرسیاری كرد لەبارەوەیە، وتیان ئەوە ئەبو ئیسرائیلە نەزری كردووە بە پێوە بێت و دانەنیشێت وە نەیتە سێبەر وە قسە نەكات و بە رۆژوو بێت، جا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: فەرمانی پێ بكە با قسە بكات و با بێتە سێبەر و دانیشێت بەڵام رۆژووەكە بگرێ و تەواوی بكات.

(«وقال ( صلى الله عليه وسلم ): لاَ نَذْرَ فِى مَعْصِيَةِ اللَّهِ »).{ رواه مسلم (١٦٤١)} واته: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: نەزر كردن دروست نیە لە شتێكدا سەرپێچی خوا بێت. (عَنْ عَائِشَةَ رضى الله عنها أَنَّ النَّبِىَّ ( صلى الله عليه وسلم ) قَالَ:«لاَ نَذْرَ فِى مَعْصِيَةٍ وَكَفَّارَتُهُ كَفَّارَةُ يَمِينٍ»).{ رواه ابو داود (٣٢٩٠) و الترمذي (١٥٢٤) و النسائي ٣٦/٧ و ابن ماجه (٢١٢٥) وهو حديث صحيح بطرقه { واته: عائيشە (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموی: نەزركردن لەتاوان دا دروست نیە كەفارەتەكەشی كەفارەتی سوێندە.

### نەزرێك لەتوانای موسڵماندا نەبێت واجب نابێت لەسەری

(عَنْ أَنَسٍ رضى الله عنه أَنَّ النَّبِىَّ ( صلى الله عليه وسلم ) رَأَى شَيْخًا يُهَادَى بَيْنَ ابْنَيْهِ قَالَ مَا بَالُ هَذَا». قَالُوا نَذَرَ أَنْ يَمْشِىَ. قَالَ « إِنَّ اللَّهَ عَنْ تَعْذِيبِ هَذَا نَفْسَهُ لَغَنِىٌّ». وَأَمَرَهُ أَنْ يَرْكَبَ). { رواه البخاري (١٨٦٥) و مسلم (١٦٤٢)} واته: ئەنەس (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پیاوێكی پیری بینی دوو كوری چووبوونە ژێر باڵی بەم لاو لادا دەكەوت فەرمووى : ئەمە چییە؟ ووتیان نەزری كردوە بەپێ بڕوات بۆ حەج فەرموی: بێگومان خوا لە خۆئەزێت دانی ئەو بێ نیازە فەرمانی پێ بكە با سواری وڵاغێك بێت.

### نەزركردنی هەموو ماڵ و سامان دروست نیە:

(عن كَعْبٌ بن مالك رضى الله عنه قال في حديثه (وعلى الثلاثة الذين خلفوا) فقال في آخر حديثه: إِنَّ مِنْ تَوْبَتِى أَنْ أَنْخَلِعَ مِنْ مَالِى صَدَقَةً إِلَى اللَّهِ وَإِلَى رَسُولِهِ ( صلى الله عليه وسلم ) . قَالَ: « أَمْسِكْ عَلَيْكَ بَعْضَ مَالِكَ، فَهْوَ خَيْرٌ لَكَ»).{ رواه البخاري (٦٦٩٠) و مسلم (٢٧٦٩)} واته: كەعبی كوری ماليك (ڕەزای خوای لێبێ) لەباسی دابەزینی لێخۆشبوونی خوای گەورە لێی كاتێ دواكەوت لە غەزا لە كۆتاییی قەسەكانیدا دەڵێ: بێگومان بەشێك لە تەوبەكردنی من دەست لە هەموو ماڵ و سامانەكەم هەڵدەگرم خێرو چاكە بێت بۆ خواو پێغەمبەرەكەی ، جا پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی: هەندێ لەماڵ و سامانەكەت بهێڵەرەوە بۆ خۆت ئەوە چاكترە بۆت.

### كەسێك نەزرێك بكات پاشان بمرێت:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّهُ قَالَ اسْتَفْتَى سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ رَسُولَ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) فِى نَذْرٍ كَانَ عَلَى أُمِّهِ تُوُفِّيَتْ قَبْلَ أَنْ تَقْضِيَهُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ):« فَاقْضِهِ عَنْهَا »). { رواه البخاري (٢٠٣٢- ٢٠٤٣) و مسلم (١٦٥٦)} واته: عەبدوڵڵای كوری عەبباس (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ : سەعدی كوری عوبادە

پرسارى له پێغەمبەر كرد ( صلى الله عليه وسلم ) دەربارەى نەزرێك كە لەسەر دايكى بووە لە ژيانى خۆيدا كردبووى بەڵام پێش ئەوەى نەزرەكە بەجێ بێنێ مردووە، پێغەمبەرى خواش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى: تۆ لەجياتى ئەو بۆى بكە.

**كەسێكى بێ باوەر نەزرێك بكات پاشان موسڵمان بێت:**

(عن عُمَر بن الخطاب رضي الله عنه قَالَ: قلتُ النَّبِىَّ يا رسول الله كُنْتُ نَذَرْتُ فِى الْجَاهِلِيَّةِ أنْ أعْتَكِفَ لَيْلَةً فِى الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ، قَالَ « فَأَوْفِ بِنَذْرِكَ »). { رواه البخاري (٢٠٣٢، ٢٠٤٣) و مسلم (١٦٥٦)} واتە: عومەرى كورى خەتتاب (رەزاى خواى لێ بێت) دەڵێ: ووتم ئەى پێغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) من لەسەردەمى نەفاميدا نەزرم كرد شەوێك لە كەعبدا بۆ خوا پەرستى بمێنمەوە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووى: نەزرەكەت جێبەجێ بكە. كەواتە نەزرێك پێش موسڵمان بوون كرابێ دەبێ پاش موسڵمان بوونى بيكات و بەجێبێنێ.

خوايە يارمەتيمان بدەيت هەميشە و هەردەم كارەكانمان لەبەر خۆشەويستى و ڕەزامەندى و ڕووى پيرۆزى تۆ بێت و لەڕياو ناو شوهرەت بمان پارێزيت .